# بڕیاری دامەزراوەی دیوانی لێپرسینەوە بەکوێ گەیشت؟!

مەحموود حاجی عومەر
kalar99@hotmail.com

وەک دەزانین لە لەسەروبەندی بریارو پلانی پیادەکردنی هەڵبژاردنە گشتی یەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەبواری ڕێکخستن دا گوایە لە پێناو چاکسازی وپاکسازی گورجوگۆڵ کردنەوەی ڕیزەکانی یەکێتی وپوخت کردنی ڕێکخستن دا، لەلایەن مەکتەبی سیاسی بەڕێزەوە بریاری دامەزراوەیەکی نوێش درا.ئەودامەزراوەیەش ناوی لێنرا(**دیوانی لێپرسینەوە**).

ئەڵبەتە هەر لەو دەمانەدا هەربەکورتیش بێت پێناسەو مەهامی ئەو دەزگایەیان بۆ باس کردین.

بە شێوە تیوری وباس کردنەکەی زۆرمایەی دڵخۆشی و بەکەڵک بوو.وە بریاریش وابوو بۆ وەگەڕخستنی ئەو دەزگایە هەرچی زووە پەلە بکرێت لە بەپراکتیزە کردن و ئەکتیڤ بوونی.

ئەگەرچی زۆرجاربریاری وا هاوشێوەو زۆری تریش بەزارەکی و بەنووسینی سەر کاغەزو بریارە کۆبوونەوەییەکان دراوەو بەکۆی دەنگ پەسەند کراوەو بە تاکە دەنگێکیش نە کەوتۆتە واری جێبەجێ کردنەوە!.

بەهەرحاڵ، ئەوەبوو هەڵبژاردنەکان دەستی پێکردووکۆتاییشی پێهات.ئەگەرچی هەڵەوهەڵەشەو کەموکورتی وکەلێنی زۆری لێکەوتەوە،سەرباری هەمووئەوانە جێگای خۆی گرتوئیجابیەتیشی هەبوو...ئێستا تازەترین هەواڵ ونوێ ترین بریاری مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی لەمەڕ کاری ڕێکخراوەی وناخۆی یەکێتی بەستنی(پلینیۆم)ە،کە وابڕیارە سبەی یەکشەممە2007/1/7بە بەشداری نزیکەی 1000ئەندامی یەکێتیی ببەسترێت.

پلینیۆمیش لەناو یەکێتی دا بەرزو باڵا ترین دەسەڵاتی حیزبیی یەکێتیی نیە!بەڵکو پلینیۆم کۆبونەوەیەکی فراوانە کادیرە ناوەندی وباڵاکانی یەکێتی ئەکرێ ئەندامی ئەو کۆبونەوە فراوانە بن.بۆیە دەسەڵاتی پلینیۆم مەحدودە نەک ڕەها.پلینیۆم لە بارودۆخێکی نائاسایی وبۆ زروفێکی ئیستثنائی دەبەسترێت.بۆنموونە یەکگرتنەوە و هاتنە ناوەی پارتێک،حیزبێک،گرووپێک کە سەنگەر بۆناویەکێتی دەگوێزنەوە،ڕەنگە پێویستی بەوەرگرتنی ڕای زۆرینەی کادیران هەبێت. بۆئەو مەبەستە پلینیۆم دەبەسترێت..هەروەها کارو دەسەڵاتی پلینیۆم زیاتر بۆداڕشتنی بەرنامەو پلاندانان لەمەڕ ڕێ وشوێن و دیاری کردنی ساتەوەختی بەستنی کۆنگرەی داهاتووە. بەتایبەت بۆ یەکێتیش کە درەنگ درەنگ کۆنگرە دەبەستێت.ئەگەر کۆنگرەی بڕیار لێدراو لەکات وساتی خۆیدا ببەسترێت پێویستی بە بەستنی پلینیۆم یش نابێ.

وەک دەزانین لەناویەکێتیش دا بەرزوباڵاترین دەسەڵات دەسەڵاتی کۆنگرەیە،نەک پلینیۆم.هەر کۆنگرەشە دەسەڵاتی دانانی سەرکردایەتی ولادانی سەرکردایەتیشی هەیە،نەک پلینیۆم.

کەچی بەداخەوە ئێستا واباس دەکرێت کە یەک لەمەهامە گرنگەکانی بەستنی ئەم پلینیۆمەدانانی سەرکردایەتی نوێ وپڕکردنەوەی بۆشاییەکانی کورسی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی یەو هەروەها لادانی ئەو هەڤاڵە سەرکردایەتییانەی کە گویە فایلی پەیوەندی بوونیان بەبەعسەوە هەبێ.کە ئەمەش بەڕای من کارو بریاری پلینیۆم نیە.بەڵکو بریاری کۆنگرەیە.چونکە ئەو هەڤاڵانە دەنگو شەرعییەتی کۆنگرەیان بەدەست هێناوەو هەرلە کۆنگرەش ئەویلەو پایانە خاڵی دەبنەوە. جگە لەوەش هێشتا پێم وابێ بەتەواوەتی توهمەکانیان بەسەردا ساغ نەبووەتەوە.

لەلایەکی ترەوە من ڕام وایە کێشەی یەکێتی کێشەی کەمی میلاک نیە لەسەرکردایەتی.ئەسڵەن کۆمیتەی سەرکردایەتی لەدوای کۆنگرەی دووەمەوە کە دەکاتە 6شەش ساڵ،چوارکۆبونەوەی خۆی نەکردووە.باشترە زیاد کردنی میلاک دواخرێ بۆ ناو کۆنگرەی سێ یەمی یەکێتیی.
باشترە ئێستا کاربۆسارێژ کردنی ئەو تەکەتولاتە بکرێت کە لە ڕابردوودا گەیشتە ئاستی ئێسقان شکاندن!..کار بۆ گلێرکردنەوەی سەروەرییەکانی یەکێتیی بکرێت.وەگەڕخستنوساغ کردنەوەی دیوانی لێپرسینەوە بکرێت.کاربۆ نەهێشتنی وەلائی شەخسی ومەحسوبیەت مەنسوبیەت بکرێت. کار بۆ بە دەزگاکردنی یەکێتیی بکرێت.
وەک ڕوون وئاشکرایە هەموو حیزب و پارتە سیاسی یەکانی کوردستان لێوان لێون لە کەم و کورتی و تراکومی گەندەڵی، یەکێتی یش سایەی جەم!!.
یەکێتی بۆ خۆ دەرباز کردن لەو قەیرانەو ڕێکخستنی فۆرمی کاری داهاتوو بە دواداچوونی فۆرمی ڕابردووی ئەوە بوو داهێنانی دیوانی لێپرسینەوە پەسەند کرد کە پێم وابێ پێشنیاری بەرێز نەوشیروان موستەفا بوو.ئێستا وەک دەبینین ئەوبەڕێزە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە فەرمی وبەئاشکرا لە یەکێتیی ڕاگەیاند. ئەمێنێتەوە بپرسین ئایا دیوانی لێپرسینەوە هیچ پەیوەندی یەکی بە دەست لە کارکێشانەوەی ناو براوەوە هەیە؟ ئایا بۆ دیوانی لێپرسینەوە دەنگی نەما؟ کپکرایەوە! یاخود قەیرانەکان بە دیوان نایەنە سارێژ بوون و هەواڵەی فایلی پلینیۆم کراوە،یان لێرەش دەخرێتە ژێر لێوەوەو ڕەوانەی فایلی کۆنگرەی داهاتوو دەکرێت؟!.
ماوتەوە بلێم هیوادارین ئەم پلینیۆمە مەهامە سەرەکییەکەی خۆی بیرنەچێتەوە کە بڕیاردانە لە سەر پلان و ڕێ وشوێنی کۆنگرەی داهاتوو لە بارترین دەرفەت دا.

سوێد